# مستەفای حەسەنە گەورە: خۆشاردنەوە و راکردنی جاشەکان
# پەڵەیەکی تازەی ناپاکییە بەناوچەوانی سەرانی کوردەوە

دیمانە: ستیفان شەمزینانی
Shamzini79@hotmail.com



دوابەدوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی دادگایی کردنی عەلی کیمیایی و چەند کەسیکی تر لەسەرانی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە لەمەر پرسی ژینۆسایدکردنی گەلی کوردستان لە شاڵاوەکانی ئەنفالداو بە سزا گەیاندنیان بە شیوەیەکی یاسایی ، ئیستا لیستیکی تر لە ناوی تاوانباران راگەیەندراوە کە بەشداربوونە لەو پرۆسەیە کەلەناویاندا کۆمەڵێک موستەشار و کوردی بەعسی هەیە . هاوکات ریکخراوی چاک کەمپینیکی راگەیاندووە بۆ پرسی دادگایی کردنی کۆنە جاش و ئەنفالچییەکان ،بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە هەنگاو و کارەکانیان لەو راستایەدا ئەم دیمانەیەمان سازدا لەگەڵ (مستەفای حەسەنە گەورە)هەڵسوراوی ناوەندی چاک بۆ دادگایی کردنی جاش و ئەنفالچییەکان.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**ستيفان:** ئيستا سەرقاڵێ كەمپينيكن بۆ بە دادگايي گەياندني تاوانباراني كوردي بەشداربوو لە تاوانەكاني ئەنفال و جينۆسايدكردني كورددا،ئايا پيكهاتەو شيوازو ميكانيزمي كاري ئەم كەمپينە چۆنە و دەتانەويت چۆن دەستپيبكەن وخاڵێ سەرەتاو كۆتايي كارەكانتان بەچ شيوەيەك دەبيت؟

**مستەفا:** پيموايە ئيستا زووە باس لەميكانيزمي ئەم كەمپينە تازەيە بكەين، بەلاَم لەرۆژاني داهاتوو بە كردەوە دينە مەيدان بۆ ئەم كارە، هەڵبەتەش ئەم كەمپينە تازەيە دريژەي كەمپينەكاني پيشووترە بەلاَم هەولدەدەين گۆرانكاري تيدا بكەين، نەك هەر ناوەندي چاك بەڵكو كۆمەڵێ كەسايەتي و، لايەن و ريكخراوي مەدەني و... هتد. بەشداري تيدا بكەن، كە من پيشنيارم كردووە تۆ يەكيك بيت لەو هەلسوراوانە بەتايبەتي لە كوردستان، خالي كۆتاييشمان نييە، هەتا ئەنفالچييەك مابێ.. لەهەر كوييەكي ئەم سەرزەمينە، ئيمە بەردەوام دەبين، هەرچەندە من پيموايە هەتا يەكيتي و پارتي حاكم بن لە كوردستان تاكە ئەنفالچييەك و، كۆنە جاشيك نييە دادگايي بكريت. بەلاَم ئەوە ماناي ئەوە نييە ئيمە دەستبەرداري هەوڵەكانمان بين و بۆ بەدادگايي گەياندني كۆنە جاش و ئەنفالچييەكان...؟ ئيمە وەك ناوەندي چاك سەنگەري بەرگريي كەسوكاري قوربانيانين.

**ستيفان:** هەلبەتە ماوەيەكي زۆرە باس و خواسي دادگاييكردني جاش و تاوانبارە كوردەكان بووەتە پرس و داخوازييەكي ميللي بەلاَم دواي راگەياندني ليستيك لەناوي ئەو تاوانبارانە لەلايەن دادگاي بالاَي تاوانەكاني عيراقەوە ئەم وارە زياتر جيگەي باس و هەلْوەستە لەسەر كردنە،پرسيار ئەوەيە ئايا ئيوە بۆ بە دادگاگەياندني تاوانباراني هەمان ليست كار دەكەن يان خۆتان ليست و ناوي جۆربەجۆرتان لەلايە؟

**مستەفا:** ئەوە شتيكي حاشا هەلنەگرە، داخوازيي هەموو تاكيكي كوردە: دادگايي كردني ئەو كۆنە بەعسي و سەرۆك جاشانە، بەلاَم ئيمە وەك ريكخراوي چاك شەرەفي ئەوەمان پي براوە كە تاكە ريكخراويك ليبراوانە هاتبيتە مەيدان بۆ مەبەستي دادگايي ئەوانەي لە پرۆسەي بەدناوي ئەنفاليان بەشدارييان كردووە.

راستە پاش ئاشكراكردني ناوي تاوانبارەكان زياتر باسەكە گەرم بووە و ئەوانيش دەستيان بەراكردن و خۆشاردنەوە كردووە. هەلبەتە خۆشاردنەوە و راكردني جاشەكان پەڵەيەكي تازەي ناپاكيية بەناوچەواني سەراني كوردەوە و ناحەقييەكي ترە دەرهەق بە كەسوكاري قوربانيان، دەسەلاَتي كورديي دەيتواني بەشيك لە شەرمەزارييەكەي خۆي بكريتەوە. بەرادەستكردني ئەو داواكراوانە، بەلاَم بەپيچەوانەوە. هەر لەيەكەم ساتەوە، ريگا خۆشكەرو هاندەري دەرباز كردنيان بوون. هەلبەتە كاري ئيمە هەر ئەو ناوانە نييە، زۆر ناوي ترو كەيسي ترمان لايە، كە ناكرێ ليرەدا باسيان بكەين.

**ستيفان:** تا ئيستا چ كاريكتان ئەنجامداوە لەراستاي بە دادگاگەياندني ئەو تاوانبارانە ،لەگەلَ ئەوەشدا ئايا پەيوەندييتان كردووە بە حيزبە سياسييەكاني ناوخۆي كوردستانەوە بۆ هەمان مەبەست ئەگەر پەيوەندييان كردووە چ هەڵويست و كاردانەوەيەكيان هەبووە؟زۆربەكورتي گرنگترين هەنگاوەكانتان بەو ئاقارەدا چي بوون؟

**مستەفا:** تا ئيستا تاوانباري چەك فرۆشي هۆڵەنديمان بەدادگا گەياندووە، نزار خەزرەجي و داواي ياسايش لەسەر وەفيق سامەرايي بەناوي ناوەندي چاكەوە، جگە لەكەيسي عەبدولاَ هەمزە ئاغا لە دانيمارك، چەند كەيسيكي تازەش لەبەردەستدان، بەداخەوەش هەر وەك شتيكي زۆر چاوەروانكراو. حيزبە كوردستانييەكان لەسەرووي هەموويانەوە (ی .ن .ك) و( پ. د.ك) وەك كاري هەميشەييان دەوري سلبيان هەبووە، زيندووترين نموونەش نامەي پشتيواني يەكيتي و پارتي بۆ دادگاي بالاَي تاوان لە تاوانبار نزار خەزرەجي بوو، جگە لەوەي عەبدوللاَي هەمزە ئاغا چوار سالَ بەرپرسي ناوچەي پارتي بوو لەدانيمارك.

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بەکورتی ئەوەبووە وەفاو پاداشتی دەسەڵاتی کوردیی بۆ کەسوکاری قوربانیان، ئەنفالچییەک دەکەنە بەرپرسی حیزبەکەیان. من پیموایە ئەوە گەورەترین سوکایەتییە پیش هەموو کەسێ بە خۆیانی دەکەن..؟

**ستیفان:** دۆسیی عەباسی بایز ئاغا کەتۆمەتبارێکی تری کوردە و ئیوە وروژاندتان خەریکە بەرەو لەبیرچوونەوە دەروات و وەک پیشتر جیگەی سەرنج نییە من دەپرسم ئەم فایلە گەیشتۆتە کوێ ؟ئایا دۆسیی ئەمیش تیکەڵاو بەهەمان دۆسیی تاوانبارانی تر کراوە یان بە جیاو بەشیوەی تایبەت کاری لەسەر دەکەن؟

**مستەفا:** کەیسی عەباس بایز، بەرەو لەبیرچوونەوە نەچووە. بەپیچەوانەوە ئەم کەیسە شیوە یاساییەکەی خۆی وەرگرتووە تەنیا ئەوە ماوە بریاری گرتنیکی تازەی لەبەغداوە بۆ دەربچێ، راستە ئەم کەیسە من یەکەم کەس بووم کە وروژاندوومە بەلاَم من هەرگیز دەوری کەسوکاری قوربانیانی دەستی ئەم کۆنەجاشە لەبیرناکەم، هەر لەیەکەم نامەی کراوە کە بۆ سەرۆکی هەریمم نارد، دەیان کەس لە کەسوکاری قوربانیان لەدەوری ئەم داوایە کۆبوونەوە، هەر لەشارۆچکەی سەنگەسەرەوە.. بۆ دادگای پشدەر لەقەلاَدزێ و پاشان دادگای سلیمانی.

بۆ دواجاریش کاتێ نائومید بووم لە دادگاکانی کوردستان، بەکوردیی و بەکورتی پییان وتم کە ئەوان توانای گرتنی، نەک عەباس بایزیان نییە بەڵکو کۆنە جاشیکی ئەویش، منیش بەناچاری کەیسەکەم تەسلیم بەدادگای باڵای تاوان کرد لەبەغداد، هەلبەتە من وەک تاکیکی کورد، هەرگیز خوازیاری ئەوەنیم داوایەکم لەبەغداد چارەسەر بکرێ بەلاَم چی بکەم لە بێ دادی سەرانی کورد، لەبێ دادوەریی دەسەلاَتی کوردیی، من ئیستا زیاتر سەرقاڵی جاشەکانی ترم، جاش هەر جاش و تاوانبار هەر تاوانبارو ئەنفالچی هەر ئەنفالچییە، جا ناوی عەباس بیت، یان قاسم یان تەحسین..؟ راستە عەباس بایز بەشداریی ئەنفالی نەکردووە، بەلاَم ئەو پیش ئەنفال زیاتر لە سەد کەسی شەهید کردووە، خۆ سەرۆک جاشی وا هەیە تەنیا دوو کەسی ئەنفال کردووە. ناویشی لەلیستی تاوانباراندا هاتووە.

کەیسی عەباس بایز تایبەتە بە کەیسی ئەوانەی خەڵکیان بەسیدارە داوە، بچووکترین نموونەش گرتنی نۆ پیشمەرگەیە. هەمووشیان لە قەسابخانەکەی موسڵ لە سیدارە دران. کە من خۆم شاهیدی ئەو کارەساتەم، هەم گرتنیان و هەم لەسیدارەدانیان. تاکە جیاوازییەک هەبیت من خۆم یەکیک لە قوربانییەکانی دەستی ئەم کۆنە جاشەم کە دووبراو ئامۆزایەکمی شەهید کردووە، جگە لەوەی من بەهۆی ئەوەی خەڵکی سەنگەسەرم، شاهیدو ئاگاداری زووربەی هەرە زۆری تاوانەکانی ئەم کۆنە جاشەم، من هەم داوای کەسیم لەسەری هەیە و هەم شاهیدی زۆربەی زۆری تاوانەکانی، ئەگەر پارتی یاخود ئاشکراتر بلیم سەرۆکی هەریم ریگرە لە پرۆسەی دادگایی کردنی من لە دادگا بەهەموو خەڵکی کوردستان و بگرە عیراقیشی دەناسینم کە ئەو چی جۆرە تاوانباریکە.

**ستیفان:** ئەگەر پارتە کوردییەکان بە تایبەت دووانە سەرەکییەکە هاوکاریی ئەم پرۆسەیەیان نەکردو بگرە بە جۆریک لە جۆرەکان هاوکاریی تۆمەتبارانیان کرد هەر لە شاردنەوەیانەوە تا داکۆکیی لیکردنیان ئیوە چ ریگە و میکانیزمیک دەگرنە بەرو چۆن سەرکەوتنی کارەکانتان مسۆگەر دەکەن؟

**مستەفا:** یەکیتی و پارتی وەک دوو حیزبی دەسەلاَتدار، نەک هەر هاوکار نابن، بەڵکو ریگری سەرسەختی هەر پرۆسەیەکن، کە دژ بە قازانج و بەرژەوەندیی حزبی ئەوان بیت، ئەوان بەئاشکرا لەماوەی شانزە سالی دەسەلاَتیان، هەمیشە دالدەدەر و پشتیوانی ئەم کۆنە جاش و ئەنفالچییانە بوون. ئەگینا ئەگەر لە کوردستان شتێ هەبوایە بەناوی یاسا.. ئەم کۆنە جاش و ئەنفالچییانە دادگایی بکرابان، ئیمە کارمان بە کەمپین و ئیمزا کۆکردنەوە چی بوو.

هەر لەیەک رستەی کورت و بەسوودا، عەباس بایز لەسالی2003وە بریاری گرتنی دەرچووە و ئامادەنییە ئامادەی بەردەم دادگابێ، منیک چی پیویستم بەوەیە هەزاران کیلۆمەتر بیمەوە بۆ کوردستان.. لە سفرەوە دەست پێ بکەینەوە، هەزارەها دۆلار بۆ دادگایی کردنەکەی سەرف بکرێ و ژیانیشم بخەمە مەترسییەوە لەسەر ئەوەی کە داوای یاسایی لەسەر کۆنە جاشیک تۆمار بکەم، سەرۆکی هەریمیش لە جیاتی ئەوەی رادەستی دادگای بکات، هەزارەها دۆلاری دەدەنێ

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بۆ ئەوەی سولحی عەشایەریی بکات، لەگەڵ کەسوکاری قوربانیان، لەکاتیکدا رۆژانە لەچاو پیکەوتن و میدیاکاندا هەمیشە دەڵێت: یاسا لەسەرووی هەموو کەسیکەوەیە، بەلاَم کۆنە جاش و بەرپرسە گەندەڵەکان نەبیت.
ڕیگریی ئەوان شتیکی تازە نییە بۆ ئیمە، بەلاَم ناتوانن یەک ساتیش ئیمە سارد بکاتەوە. سەرکەوتنیش هەر بۆ ڕاستی و دادپەروەریی دەبیت. جاشەکان لەسەددامی دیکتاتۆرو عەلی کیمیایی گەورەتر نین، دادگایی ئەوانیش شتیکی حەتمییە، لەکوردستانیش نەمینن، ئیمە وەک ناوەندی چاک، ئەوروپایان، لیدەکەین بەدۆزەخ.

## تیبینی: ئەم دیمانەیە لەرۆژنامەی نیوەند – ژمارە 41 بڵاَوکراوەتەوە

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image